# بچووکترین کۆمپیوتەری گونجاو لەگەڵ oculus

لە سەرەتادا دەبێ بۆ ئەوانەی شارەزاییان لە oculus نییە دەڵێن ئەم وشەیە بەو یاریانە دەگوترێت کە بەکارهێنەر وەك واقیعی –مەجازی دەیان کات. هێدستی تایبەت بەو یارییە ئەمساڵ بەرهەمهاتووە و بەکارهێنەر کاتێك دەیکاتە چاوی هەر بە واقیعی خۆی لەناو یارییەکەدا دەدۆزێتەوە.

کۆمپیوتەری بچووکی GRBII یەکەم کۆمپیوتەری تایبەت بەو یارییەیە، بەهۆی ئەوەی کە کارتی گرافیکی جۆری GeForce GTX 1060 لەسەرە، کرداری هەتا سێ قات زیاتر روونترە لە یاری تایبەت بەو هێدستە. خێرایی کۆمپیوتەرەکە یەکجار لەسەرێیە. ٧٠ فرێم لە چرکەیەکدا پرۆسیسەری جۆری core i٧ی لەسەرە.. کۆمپیوتەری ناوبراو لە شاشەی جۆری K4/UHD سوود وەردەگرێ. کۆمپیوتەرەکە بەهۆی لەسەرێ بوونی تایبەتمەندییەکانی چەندین خەڵاتی تایبەتی وەرگرتووە. ستایلی کۆمپیوتەرەکەش زۆر سەرنج راکێشە و لەگەڵ هەموو شوێنێك دەگونجێت.





راستە لەم سەردەمەدا کامێرای زۆر پێشکەوتووی تایبەت بە وێنە و فیلم گرتن، مۆبایلی هۆشمەندی زۆر باش کە کوالیتی وێنەکانیان زۆر لەسەرێیە بەرهەم هاتوون، ئاسانکارییەکی زۆر کراوە بۆ وێنەگرتن ئەوەی هیچ شارەزای وێنەگرتنیش نەبێت دەتوانێ جوانترین وێنە بگرێت، بەڵام جیهانی وێنەگرتن کەلێنێکی گەورەی تێکەوت و گەورەترین تایبەتمەندی لەدەست دا، ئەویش ئەوەیە ئێستا لە هەزاران وێنە هیچیان ناخرێنە سەر کاغەز و ئەلبۆم دروست ناکرێت.. ئەلبۆمی وێنەش بەتەواوی مرد و بوو بە ئەرشیف..

پرینتەری بچووکی تایبەت بە وێنەگەلێکن، بەڵام رەنگە پرێنتەری جۆری Prynt لە هەموویان زیاتر کارئاسانی بۆ وێنەکانی سەر مۆبایل بکات. پرینتەرەکە بچووکە و




# سپیکەرێک بە دیزانێکی ناوازە

لەم چەند ساڵەی دواییدا سپیکەر واتە بڵندگۆ لە دیزاین و توانایی دا گۆڕانکاری زۆری بەخۆیوە دیوە.. سپیکەری جۆری boseیش یەکێکە لەم سپیکەرە ناوازانە کە دیزاین و تواناکەی جیاوازە.

سپیکەرەکە تایبەتە بەوانەی پایسکل لێدەخوڕن، بالیفێکی بچووك کە رەنگە پێتوابێ تایبەتە بە ئیسراحەتی مل و گەردن، بەڵام لە راستیدا سپیکەرێکی بەهێزە بۆ گوێدان بە مۆسیقا. سپیکەرەکە بلوتوسیە و دەکرێ بۆ وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکانیش سوودی لێوەربگری. بیرۆکەی دروستکردنی سپیکەرەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەیدا پایکسل لێدەخوڕی و بەبێ ئەوەی کێشە بۆ دەوروبەر دروست بکەی گوێ لە مۆسیقا بگری و وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە..



# پرینتەرێکی وێنە بۆ مۆبایل

راستەوخۆ لە مۆبایلەکە دەخرێت و دروست لەوکاتەدا کە وێنە دەگری دەتوانی بیخەیە سەر کاغەزی تایبەت بەخۆی.

پرێنتەری Prynt Pocket زیاتر تایبەتە بە موبایلی ئایفۆن لە ئایفۆن ٥ بگرە هەتا ئەوانی دیکە. پرینتەرەکە لە کاغەزێکی تایبەت بە وێنە سوود وەردەگرێ خۆی ١٠ دانەی لەگەڵدایە. هیچ حبرێکی لەگەڵدا نییە و چونکە وەرەقەی وێنەکە تایبەتە و حیبری لەخۆیدایە.

دەتوانی راستەوخۆ وێنەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك و ئینستاگرام بخەیە سەر کاغەز، هەرچەندە ئەو ئیزنەت پێدەدا بەر لەوەی وێنەکە بخرێتە سەرکاغەز دەستکاری بکەی.

پرینتەرەکە سێ رەنگی هەیە، قاوەیی، زەرد و سەوز و بۆ گشت جۆرەکانی ئایفۆن دەبێت.



# رکابەرێک بۆ ئامێرەکانی یاری ئەلکترۆنی

گەرچی کۆمپیوتەر بە هەردوو جۆرەکەی واتە لاپتۆپ و دیسکتۆپ زیاتر بۆ کاروباری و ئەرکی رۆژانەیە، بەڵام چەند ساڵێکە کۆمپیوتەری تایبەت بە ئەرکێکی دیاریکراو بەرهەم دێن، وەك لاپتۆپی تایبەت بە نەخشەسازی و کاری گرافیکی، یان لاپتۆپی تایبەت بە ئەرکی بازرگانی و ژمێریاری... کۆمپیوتەرەکانی تایبەت بە یاری ئەلکترۆنیش وردە وردە شوێنی ئامێرەکانی تایبەت بە یاری ئەلکترۆنی وەك PSP پلەی ستەیشن و کۆنسۆلی یاری دەگرنەوە..

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای MSI کۆمپیوتەرێکی نوێی بەرهەم هێناوە بەناوی MSI Vortex G25 کە قەبارەکەی بەقەد ئامێری پلەیستەیشن ٤ و لە پرۆسیسەری جۆری ئەنتەل نەوەی حەوتەم سوود وەردەگرێ..

ئەو کۆمپیوتەرە گرنگە زیاتر بۆ یاری بە کوالیتی K4 و یارییەکانی واقعی مەجازییە. کارتی گرافیکی لە جۆری GeForce GTX ١٠٧٠ لەسەرە، رامەکەی ٦٤ گیگابایتە. شوێنی کێبڵی جۆری Thunderbolt ٣,٠ هەیە لەگەڵ دوو شوێنی USB3..

بەهۆی لەسەرێ بوونی پارچەکانی کۆمپیوتەرەکە یاری کردن لەسەر کۆمپیوتەری ناوبراو وەك لە جیهانی راستیدا یاری بکەی وایە و یان وەك ئەوە دەچێت لە پشت جامێکەوە یاری بکەی...



# مۆبایلێکی تایبەت بە پیاوان

هەندێك ئامێر تایبەت بە پیاوانن و هەندێك بە ئافرەتان، وەك کاتژمێر، یان ئەنگوستیلە و کەلوپەلی دیکە.. بەڵام مۆبایل هەتا ئێستا پیاوانە و ژنانەی نەبووە، هیچ کۆمپانیایەك مۆبایلێکی بەرهەم نەهێناوە کە تەنیا تایبەت بێت بە رەگەزێکی دیاریکراو.. بەڵام مۆبایلی جۆری doogee s60 مۆبایلێکە تەواو تایبەتە بە پیاوان.. هەروەك لە دیزاینەکەی را دیارە. مۆبایلەکە لە یەك پارچە کانزا ئاسن پێکهاتووە، زۆر پتەوە و تێکچوونی هەر نییە. ئەو پرۆگرامانەی کە لە مۆبایلەکەشدان زۆرتر تایبەتن بە پیاوان، وەك گۆشە پێو، ئامرازەکانی تایبەت بە ئەندازیاری. پرۆسیسەری مۆبایلەکە ٢,٥ گیگاهێرتزە. کامێراکەی ٢١ میگاپیکسلە، باترییەکی زۆر بەهێزی هەیە کە رەنگە هەفتەیەك تەواو نەبێت.



## شەحنکەرەوەیەک لە دوورەوە شەحن دەکاتەوە

سیستەمی شەحنکردنەوەی مۆبایل و ئامێرەکان دیکە بەبێ وایەر لەمێژ نییە بۆتە باو هەرچەندە گشتگیر نەبووە و پەرەی نەسەندووە. لەم دواییەدا شەحنکەرەوەی جۆری pi بەرهەم هاتووە کە ئامێرەکان بەبێ ئەوەی کە لەسەری دابندرێن دوراودوور شەحنی دەکاتەوە. هەرچەندە پێشووتر شەحنکەرەوەیەکی لەم جۆرە بۆ مۆبایلەکانی جۆری ئەپل بەرهەم هاتبوو بەڵام پێشوازییەکی زۆری لێنەکرا..

ئەو سیستەمە پێشووتریش لەلایەن کۆمپانیای Energous بەرهەمهاتبوو کە بە دووری ٥ مەتر دەتوانێت مۆبایلەکەت شەحن بکەیەوە.. ئامێرەکە شەپۆلی شەحنکردنەوە بۆ دەوروبەر بڵاودەکاتەوە و مەیدانێکی موگناتیسی دروست دەکات.

## کۆمپیوتەرێکی زۆر بەهێز و ستایلێکی ناوازە

**کۆمپانیای Alienware یەکێك لەو کۆمپانیانەیە کە کۆمپیوتەری ئامادە و ئامێری لاوەکی تایبەت بە یاری بەرهەم دێنێ. کۆمپانیای ناوبراو لەم دواییەدا کۆمپیوتەری جۆری Area 51 بەرهەم هێنا کە لە پلاتفۆرمی AMD X399 سوود وەردەگرێ.**

**ستایلی کۆمپیوتەرەکە سەرنجت رادەکێشێ چونکە بەشێوەی سێ گۆشەییە. تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن: ٦٤ گیگابایت رامەکەیەتی. بەکارهێنەر دەتوانێ لە نێوان کارتی گرافیکی جۆرەکانی AMD RX ٥٦٠, ٥٧٠ ٥٨٠ یەکێکیان هەڵبژێرێ. هاردەکەی ٢ ترابایتە، شوێنی دانانی زیاتریشی هەیە.**



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت بۆ سڕینەوەی داتاکانی ناو هاردیسك و بەگشتی بۆ لەناوبردنی هاردیسکێك دەبێ چ بکرێت؟**

خوێنەری بەڕێز سڕینەوەی داتاکان لەناو هاردێکدا زۆر دژوارترە لە دانانی داتاکان لەناو هارددا.. چونکە شارەزاییان دەتوانن بەهۆی پرۆگرامی تایبەتەوە هەرچی لەناو هارددایە بیهێننە دەرەوە تەنانەت ئەگەر فۆرماتیش کرابێ..
بۆ ئەم مەبەستە باشترین رێگا ئەوەیە لە پێشدا فۆرمات بکرێ و دواتر بەهۆی پرۆگرامی VeraCrypt کۆدێکی نهێنی زۆر دژوار کە لە ٢٥ کاراکتەر پێکهاتبێ دابندرێ، ئیدی لەکاتێکی وادا داتاکان قەت ناگەڕێنەوە..

# مۆبایلێک خاوەنی چوار کامێرایە

کۆمپانیای Huawei هەوڵ دەدا خۆی بگەیەنێتە لوتکە و لە ریزی کۆمپانیا مەزنەکانی بەرهەمهێنی مۆبایل خۆی دەبینێتەوە.. لەم دواییەدا نوێترین مۆبایلی خۆی واتە (hua-wei maimang6)ی بەرهەم هێنا.. مۆبایلێکی تایبەت کە خاوەنی چوار کامێرایە..

مۆبایلەکە خاوەنی پرۆسیسەری ٨ ناوەکییە.. شاشەکەی 5.9 ئینجە. کوالیتی نیشاندانی سەرووی فول ئیچ دییە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن، رامەکەی ٤ گیگابایتە و ٦٤ گیگابایت میمۆری ناوخۆی هەیە.. هەروەك ئاماژەی پێدرا خاوەنی چوار کامێرایە، دوو کامێرا لە پێشەوە کە کوالیتی نیشاندانیان 13 و 2 میگاپیکسلە ئەوانەی پشتەوەش 16, 2 میگاپیکسلن. سیستەمی ئەندرۆیدی ٧ی لەسەرە و کێشی مۆبایلەکە ١٦٤ گرامە، باترییەکی زۆر بەرزی هەیە. دوو سیمکارت دەخوێنێتەوە. پەنجە مۆری هەیە.




# پرۆگرامێک داتاکانی مۆبایلەکەت ناسڕێتەوە

زۆر جاران نیازتە مۆبایلەکەت فۆرمات بکەیەوە، یان لەناکاو توشی گرفتێك دەبێت بە ناچاری دەبی هەرچی سەر مۆبایلەکەتە بە وێنە و پرۆگرامەکانەوە بیسڕیەوە و وەك یەکەمجاری لێبکەیەوە.. بۆ چارەسەری ئەوەی کە هیچ کات پرۆگرام و وێنە و داتا گرنگەکانی سەر مۆبایلەکەت نەسڕێنەوە.. پرۆگرامی folderSync بەکار بێنە کە تایبەتە بە سیستەمی ئەندرۆید.

بەهۆی پرۆگرامی ناوبراوەوە دەکرێت پردێکی پەیوەندی لە نێوان داتاکانت و سیستەمەکانی هەڵگری داتا لە ئینتەرنێتدا وەك «گوگل درایڤ، درۆب بۆکس، وان درایڤ...تاد دابمەزرێنی و ئەوەی مەبەستتە لە یەکێك لەو شوێنانەدا ئەرشیفیان بکەی.




# لەم سایتەدا ملیۆنێک کتێب هەیە

ئەگەر زمانی ئینگلیزی دەزانی و حەزت لە خوێندنەوەیە ماڵپەڕی زۆر گرنگ هەن کە تایبەتن بە کتێب و کتێبخانە، هەندێك لەو ماڵپەڕانە پارەیەك وەردەگرن و هەندێکی دیکەش بە خۆڕایی کتێبەکانیان دەخەنە بەردەست.. یەکێك لەم سایتانە سایتی https://openlibrary.org/ کە زیاتر لە یەك ملیۆن کتێبی تێدایە، لە بوارەکانی ئەدەبی، سیاسی، زانستی، ئەندازیای ئابووری.. زۆربەیان فۆرماتەکانی PDF و بە ئاسانی وەردەگیردرێن.. زۆربەی کتێبەکان بەخۆڕایین و هەندێکیشیان پارەیەکی کەمی دەوێت...